# ئایا "جۆ بایدن" تووشی چارەنووسی "جیمی کارتێر" دەبێت؟

**نووسەر:** ویلیام مەکگێرن- William McGurn

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

جۆ بایدن لە گەرمەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەدا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ٢٠٢٤ نزیک دەبێتەوە. ویلیام مەکگێرن لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵدا دەنووسێت، ئەگەر هەوڵی دووبارە هەڵبژاردنی جۆ بایدن شکستی هێنا، ڕەنگە بتوانرێت پەنجەی تاوانبارکردن بۆ تاران ڕابکێشرێت. پێشتر شتێکی لەم شێوەیە ڕووی دابوو. لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ قوتابیانی شۆڕشگێڕ دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاراندا گرت و ٥٢ ئەمریکییان بەبارمتە گرت بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ- ڕاستییەکەی، لە ماوەی تەواوی ساڵی هەڵبژاردن. ئەم ڕووداوە وەک ئەوە وابوو بێتوانایی جیمی کارتێر بە هەموو جیهان ڕابگەیەنێت.

جۆ بایدن لەو کاتەدا لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران کاری دەکرد. بۆیە لەنزیکەوە بینیی کە کۆماری ئیسلامی چۆن ڕێگەی بۆ شکستی کارتێر بەرامبەر ڕۆناڵد ڕێگان لە ساڵی ١٩٨٠ خۆش کرد. بابەتگەلێکی تری سەرەکی کە کارتێریان وەک سەرۆکێکی لاواز نیشان دەدا، بریتی بوون لە هەڵاوسان و لەشکرکێشیی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان کە بەتەواوی کارتێری ڕاچڵەکاند.

مەکگێرن لە درێژەی وتارەکەی سەبارەت بە سێ پرسی سەرەکیی بایدن- ئێران و ئەفغانستان و هەڵاوسان- دەڵێت، هەرچەندە تایبەتمەندییەکانی کێشەکان گۆڕاوە، بەڵام سەرچاوەی کێشەکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەک یەکە. مەکگێرن دەڵێت بۆ نموونە، هەڵاوسان لەبەرچاو بگرن. بەڵێ کەم بۆتەوە. بەڵام ئەمریکییەکان لەبیریانە کە سەرەتا بایدن ئەوەی ڕەت کردەوە هەڵاوسان هەبێت، دواتر خەڵکی دڵنیا کردۆتەوە کە "کاتی"یە. مەکگێرن دەڵێت: ئێستا کە هەڵاوسان وەک جاران بەخێرایی بەرز نابێتەوە، پێ دەچێت لایەنگرانی بایدن بێزار بن لەوەی خەڵک قەدریان نازانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک کە لە پلەی یەکەمدا خۆیان دروستیان کردووە و نکۆڵییان لێ کردووە. "ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە ئەمریکییەکان خۆیان دەبینن هەر جارێک کیسەیەک خواردن لە فرۆشگاکان دەکڕن، پارەی زیاتر دەدەن".

مەکگێرن دەڵێت، یان سەیری ئەفغانستان بکەن. لە مانگی ئابی ٢٠٢١، بایدن فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە ئەفغانستان دەرکرد. مەکگێرن دەنووسێت: "پێ دەچێت پاڵنەرەکەی بایدن بۆ کشانەوەی بەپەلە و کارەساتبارانە لە ئەفغانستان، شانازیکردن بوو‌بێت بە یادی بیستەمین ساڵیادی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر بۆ ئەوەی بڵێت ئەو سەرۆکە بوو کە [سەربازەکانی] ئەمریکای لە ئەفغانستان کشاندەوە. بایدن ئەمەی کرد و پێگە جەماوەرییەکەی لەگەڵ دەرچوون لە کابول دابەزی و هەرگیز نەگەڕایەوە دۆخی جارانی."

مەککگێرن دەڵێت ئێستا دێینە سەر باسی کۆماری ئیسلامیی ئێران. کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکی لە بۆردوومانی درۆنی کەتائیبی حزبوڵڵا، بایدنی ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی سیاسیی ناخۆش کردەوە. پێشتر ڕەخنەگران هۆشدارییان دابوو کە وەڵامدانەوەی لاوازی بایدن بۆ زیاتر لە ١٦٠ هێرشی گرووپە میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، ژیانی سەربازانی ئەمریکی لە ناوچەکە دەخاتە مەترسییەکی زیاترەوە. مەککگێرن بە ئاماژەدان بە هێرشە تۆڵەسێنەرەکانی ئەمریکا دەنووسێت، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کاردانەوەی بایدن ئەوەندە بەهێز دەبێت کە تاران ڕازی بکات کە هێرشەکان ڕابگرێت؟ بە بڕوای ئەو نووسەرە، چەختکردنەوەی دووبارەی بەرپرسانی ئیدارەی بایدن، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەوەی کە ئەمریکا بەنیازی ئەوە نییە گرژییەکە پەرە پێ بدات، هیچ یارمەتیدەر نییە، لە بری ئەوە دەبێ بڵێن کە ئەمریکا هەرچی پێویست بێت دەیکات بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەیامەکەی ئەمریکا وەرگرێت.

مەککگێرن دەڵێت لە کاتێکدا ڕەخنەگران ئیدارەی بایدن بە لاواز دەبینن، بەڵام ڕەنگە بایدن بێباکانەترین کەس بێت لە ئیدارەکەدا. بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بایدن بەئاشکرا ڕەخنەیان لە پشتیوانییەکانی بۆ ئیسرائیل گرتووە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ململانێکان پەرە پێ بدات و ئەمریکا وەڵامی بداتەوە، هاوارەکانی "جۆ بکوژن" (وەکوو ئاماژەیەک بۆ وەلانانی جۆ بایدن)، لە حزبەکەی خۆیەوە بەرز دەبێتەوە. ئەگەریش ململانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییدا کاریگەریی لەسەر بازاڕی جیهانیی نەوت هەبێت، ئەوا هەموو ئەمریکییەکان باجەکەی دەدەن. هەرچەندە لە کۆتاییدا نرخی بەنزین دادەبەزێت، بەڵام قەیرانی جیهانیی نەوت، ئەو بابەتەیە کە بایدن بە هیچ شێوەیەک نایەوێت ڕوو بدات.

مەککگێرن دەڵێت، قوماری بایدن لەسەر ئێرانییەکان هەمیشە هەمان قوماری باراک ئۆباما بووە: ئەگەر کۆماری ئیسلامی ناچار بکەین ڕێککەوتنی ئەتۆمی واژۆ بکات، ڕێگری دەکەین لەوەی بۆمبێکی دەست بکەوێت و وردە وردە ئێرانییەکان دەخەینە ناو دۆخێکی ئاسایی (ڕەفتاریان ئاسایی دەبێتەوە). ڕەنگە بایدن هێشتا باوەڕ بەم شتە بکات. بەڵام مەککگێرن دەڵێت لە کۆتاییدا جۆ بایدنیش وەک جیمی کارتێر ئەو وانەیە وەردەگرێت و بەو ئەنجامە دەگات، کە ئەم جۆرە ڕژێمانە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕەفتار ناکەن، چونکە ئەولەوییەتەکانیان جیاوازە.

**سەرچاوە:** independentpersian